# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لای بەڕێزتان شاراوە نیە کە بنەسڵاوە لە سەر ڕەنج و خەباتی ئەو خەڵکە دروست بوو کە بەرامبەر بە ڕژێمی فاشی بەغدا دەیانوت نا، بۆیە ڕژێمی فاشیش لە تۆڵەی ئەو نا یە ، ڕاپێچی بنەسڵاوەی کردن و ئۆردوگای زۆرە ملێی بنەسڵاوەی بۆ دروستکردن ، بە شێوەیەك تا ئێستاش خەڵکەکە بە شێوەیەکیخراپ ژیان بەسەر دەبەن، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکەکە لەگەڵ پارتی و بارزانیدایەو، باشترین نموونەش هەڵبژاردنی ئەم دواییە بوو کە پارتی لە بنەسڵاوە دەنگێکی زۆر باشی لە ئەنجوومەنی پارێزگادا هێنا.

بەڵام لەجیاتی ئەوەی بەرێزتان پاداشتی ئەو خەڵکە بدەنەوە، کەچی کوڕە ئەنفالچییەکتان بۆمان بە دیاری هێناوە بۆ قایمقامێتی!!! لەکاتێکدا ئێمە حەزمان دەکرد کەسێکی ڕابردوو خاوێن وماندوو نەناس و هەڵقوڵاوی ناو واقیعی کوردستانتان بکردبا بە نوێنەری خۆتان.

ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی ، ئەو کوڕە تا سەر ئێسقانی خیانەتی لێ دەباری و باوکیشی فەوجی خەفیفەی کردبۆوە ، لە کاتێکدا پێشتر لە جەیشی عێراقی عەقید بوو ئینجا تەرفیعی کرد بەعس کردی بە عمید ، کەچی بەوەندەش نەوەستا بووە سەرۆك جاش و فەوجی دروست کرد، بۆ ڕاوەدوونانی پیشمەرگەو بێشەرمانە بە پاڵپشتی تۆب و دەبابەی دوژمن بە دوای پێشمەرگە دەکەوت!!!!.هەموو خەڵکی ئەو دەڤەرەش بە وردی ئاگادارن، کە ئەوانە چ خیانەتێکی گەورەیان کردووە ،چونکە نەبەزو باوکی نەبەز کە سەرۆك جاش بوو لەدایکبووی گوندی باغەمرەی سەر بە قەزای بنەسلاوەن ،لەبەر ئەوە هەمووخەڵکەکە باش دەزانێ گەورەترین خائینی ئەو ناوچەیەن و تەنانەت کەسێکی دی نادۆزیتەوە لەم دەشتی هەولێرە شان لی شانی ئەوانە بدات لە خیانەتی .

بۆیە دەلێین جێگەی شەرمەزارییە پیاوی وا ، کوڕە ئەنفالچی وا، قایمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە بێت ، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەکەین بەزووترین کات ئەمر بکەیت و بینێریتە ماڵەوەو لەبەرچاوی خەڵك نەیهێلی . بۆ زانیاری بەڕێزیشتان ئەو کوڕە (نەبەز حمید ) خزمەتی (٦)شەش ساڵ جاشایەتیشی بۆ خۆی کردووە بە خزمەتی (٦)ساڵ پێشمەرگایەتیو فێڵی لە حکومەتی هەرێمیش کردووە .

داوات لێدەکەین ، کەسێکمان بۆ بکەن بە قایمقام یا مدیر ناحیە کە ئێمەش سەرمان پێی بڵند بێت و پارتی و حکومەتی هەرێمیش شانازی پێوە بکات . نەك وەکو ئێستا کە هەموو خەڵکی بنەسلاوەو

**دارەتوو تەواوی خەڵکی دەشتی هەولێر لەعنەتی دەکات و گلەییشیان لە پارتی و حکومەتی هەرێمە .**

**لەگەڵ هیوای سەرکەوتنمان بۆ جەنابت**

**کۆمەڵێك خوێنەواری بنەسڵاوە**